# بەهێماکردنی گورگ لە چیرۆکی (گەلەگورگ) دا

**م.ی. حسين صابر علي**
**کۆلێژی قەلا بۆ بەهرەداران – وەزارەتی پەروەردە**

**پێشەکی**

بابەتی ئاژەڵ و سنووری ئەو ڕۆڵەی کە لە دەقی ئەدەبیدا دەیگێڕێ، جێگەی بایەخە و لەمێژە چووەتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوەو بەشداری لە بنیادی پێکهاتەیی و ناوەرۆکی دەقی ئەدەبیدا کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی هێماو ڕۆڵی ئاژەڵ (لەتەک مرۆڤ) لە دەقی ئەدەبیدا. زۆر دەقی ئەدەبی هەیە ئاژەڵان بەتەنیا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن و لەجیاتی مرۆڤ گوزارشت لە خولیاو ئارەزووەکانی دەکەن، بەڵام بەشداری ئاژەڵان لە تەک مرۆڤدا لە بەرهەمی ئەدەبی تاوەکو ئێستا وەکو پێویست لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکراوەو تیشکی نەخراوەتە سەر.

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە {بەهێماکردنی گورگ لە چیرۆکی (گەلەگورگ)دا}. تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەهێماکردنی گورگ لە چیرۆکی گەلەگورگدا کە لەلایەن چیرۆکنووسی کورد (حسێن عارف)ەوە نووسراوەو جۆرەکانی بەهێمابوونی گورگ ڕوون دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەکە بێ کێشە نەبووە. گرینگترین کێشەکان خۆیان لە کەمی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی و کەم ئیشکردن لەسەر ڕۆڵی ئاژەڵان لە تەک مرۆڤدا لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبیدا دەبینییەوە، دواتر بەهەوڵ و کۆششی زانستی، هەوڵدراوە ئەم کێشانە کاریگەرییان نەبێت.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەرو ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا کە لە سێ باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا کە لە سێ ناونیشان پێکهاتووە، باس لە سنووری زاراوەی هێماو ئاژەڵان کراوەو لایەنی پەیوەندییان ڕوونکراوەتەوە. لەباسی دووەمدا کە لە چوار ناونیشان پێکهاتووە، بەشێوەیەکی ورد باس لە گورگ و تایبەتمەندییەکانی کراوە. لێرەدا گورگ وەک ئاژەڵێکی گرینگی سروشت لەڕووی پێکهاتەو

جۆرو ژینگەو پەیوەندی بە مرۆڤەوە باسی لێوەکراوە. لە باسی سێیەمدا کە لە دوو ناونیشان پێکهاتووە، باس لە ڕەنگدانەوەی گورگ لەنێو شارستانییەت و ئایین و فۆلکلۆرو ئەدەبی گەلان و کوردی کراوەو نموونەی پێویستی بۆ هێنراوەتەوە.

لە تەوەری دووەمدا کە لە دوو باس پێکهاتووە، باس لە بەهێماکردنی گورگ لە چیرۆکی گەلەکورگدا کراوە. لەباسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر کتێب و چیرۆکی گەلەگورگ. پێکهاتەی کتێبەکەو ناوەرۆکی چیرۆکەکە ڕوون کراوەتەوە. لە باسی دووەمدا کە لە سێ ناونیشان پێکهاتووە، باس لە هێرشە جۆربەجۆرەکانی چیرۆکەکە کراوە. بۆ هەریەکەیان نموونەی پێویست لە دەقی چیرۆکەکە وەرگیراوەو لەگەڵ لایەنی مەبەست پەیوەست کراوە. دواتر بە چەند خاڵێک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە جێگیرکراوە. لە کۆتایشدا ناوی سەرچاوەکان تۆمارکراوە.

## تەوەری یەکەم: هێمای گورگ لە نێو شارستانییەت و ئایین و فۆلکلۆری گەلان و کوردیدا

### باسی یەکەم: سنووری هێماو ئاژەڵ

### ١/ هێماو هێماگەری چین؟

هێما و هێماگەری دوو زاراوەی لەیەک نزیکن، دەتوانن یەکتر تەواو بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە وردی لێیانبکۆڵدرێتەوە، جیاوازی لە نێوانیاندا دەبینرێت. هێما ئەو دەربڕین و تێگەیشتنانەیە کە لە بری وشە یان شتێک بەکاردێت. هێماگەریش زانستی هێمایە، یاخود ئەو زانستەیە کە لە هێما دەکۆڵێتەوە.

بیرۆکە و کات و ساتی پەیدابوونی هێماو هێماگەری تازە نییە، بەڵکو "زۆر کۆنە"(ئەسوەد، ٢٠١١، ل٢٠٨)، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە ڕووی پەیدابوونی زاراوەوە، چوارچێوەیەکی کاتی بۆ دابنێین. زاراوەی هێماگەری "لە ساڵی ١٨٨٦ دا لە فەرەنسە وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و شیعری دەرکەوت، شاعیری فەرەنسی جین مۆریاس (١٨٥٦ – ١٩١٠) لەو ساڵەدا، لە ژمارەی ڕۆژی هەژدەی مانگی ئەیلولی ڕۆژنامەی (فیگارۆ) و لە مانیفێستێکدا، ئەم زاراوەیەی هەڵبژارد"(ئەسوەد،٢٠١١،ل٢٠٨-٢٠٩). لەوکاتەدا زاراوەی هێماگەری پەیدابوو، دواتر بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ئەدیبان و هونەرمەندانەوە بەکارهاتووە.

هێماگەری "ڕەوتێكی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییە، پشت بە ئیحا دەبەستێت و بەشێوەیەكی ناڕاستەخۆ گوزارشت لە لایەنە سایكۆلۆژییە پەنهانەكان دەكات"(ئەسوەد،٢٠١١،ل٢٠٨:). مەبەستیش لێی "دەربڕین و بەرجەستەكردنی ئەو شتانەیە كە لە ناخی مرۆڤ دا پەنگیان خواردۆتەوە و زمانی ئاسایی ناتوانێت تەعبیریان لێ بكات"(أحمد،٢٠٠٠،ل٧). بەم شێوەیە هێماگەری قالبە كاتی و واتاییەكەی وەرگرت و لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبیو هونەری و فەلسەفییەكاندا شوێنێكی تایبەتی وەرگرت.

**٢/ هێما لە سنووری ئەدەبدا**

هێما لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێكی گرنگ و گەورە دەگێڕێ. جیهانی دەوروبەرمان پڕە لە هێما، بەڕادەیەک هەموو دونیا" لێوان لێوی هێما و ئاماژانە"(حسەینی،٢٠٠٦،ل١٥٧). ئەم بەرفراوانییەی هێما لە ژیانی مرۆڤ و سروشتدا، كارێكی لەخۆڕاو بێ بنەما نەبووە، بەڵكو بۆ ئەوە بووە "كەشفی چەند پەیوەندییەكی نهێنیمان بۆ بكات لە نێوان شتەكاندا: لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و سروشت"(پیرباڵ،٢٠٠٦،ل١٤٦). هێما ڕووبەرێكی بەرفراوانی لە ژیاندا هەیە و چووەتە ناو زۆربەی لایەنەكانی ژیانەوە. ئەدەبیش بەشێكی گرینگی ژیانی مرۆڤە و لەگەڵ خولیا و ئارەزووەكانی مرۆڤدا پەیدابووە.

هێما لە ئەدەبدا زیندووە و "شێوەیەكە لە شێوەكانی تەكنیک" (جاف،١٩٨٥،ل٦٥) و "بۆ مەبەستی چڕكردنەوەی بیرو باوەڕو بیرێكی فراوان دێت"(محەمەد،٢٠١٢،ل١٠). بێگومان بەكارهێنانی هێما لە چیرۆكدا ئامانجێكی ڕووت نییە، بەڵكو دەبێ ڕەچاوی لایەنی هونەری بكرێت و تێكەڵ بە كەشی گشتیی جوانكاری دەقەكە بكرێت. دەتوانین هۆیە سەرەكییەكانی بەكارهێنانی هێما لە چیرۆكدا لە دوو خاڵدا دەستنیشان بكەین:

"یەكەمیان: بە مەبەستی جوان كاری – ئیستاتیكی – كە لێرەدا دەچێتە خانەی تەكنیكەوە.

دووەمیان: بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی نووسەرەكە، بە تایبەتی لەو بارودۆخانەی ڕێ ی دەربڕینی ڕاستەوخۆی لێ دەگیرێ"(جاف،١٩٨٥،ل٦٥). یان بۆ شاردنەوەی مەبەستی "ڕامیاری یان كۆمەڵایەتی یا ئایینی هتد ...."(أحمد،٢٠٠٠،ل٧). ئەمەش دیارە " خۆدزینەوەیە لە (واقیع)ێک و چوونە نێو واقیعێكی ترەوە، وەک ئەو، بەڵام بە كەرەستەی

جیاواز"(خۆشناو،٢٠١٠،ل٢٨). بەم شێوەیە هێما زیندوویەتی خۆی لە بەرهەمی ئەدەبیدا دەپارێزێ و بەشێوەیەکی هونەری لە بناغە و مەبەستی بەرهەمی ئەدەبیدا بەشدار دەبێت.

**٣/ ئاژەڵان لە بەرهەمی ئەدەبیدا**

ئاژەڵ یان ئاژەڵان لە ژیاندا بە بەرفراوانی بڵاوبوونەتەوە، بوونەتە بەشێکی سەرەکیی ژیان. هەندێکیان هەر لە کۆنەوە لە تەک مرۆڤدا دێن و دەچن و ژیانی ڕۆژانەیان دەگوزرەرێنن. هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە لەگەڵ مرۆڤدا ناتەبان و دوور لە دەستی مرۆڤ دەژین.

هەر لە کۆنەوە ئاژەڵان تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بوونە. هەر زووش مرۆڤ " مەترسی هەندێ ئاژەڵی بۆ سەر ژیانی بۆ دەرکەوتووەو خۆی لێپارستووەو خۆشی چەکدارکردووە، تاوەکو ڕووبەڕووی ببێتەوەو بیکوژێ. بۆ ئەمەش زۆر ڕێگەی بۆ ڕاوکردن و خواردنی گۆشتەکەی و سوودوەرگرتن لە پێستەکەی داهێناوە"(الاحمد،١٩٨٩،ص٥٨). ئاژەڵان بەو سروشتەی کە هەیانە، تێکەڵی لێکدانەوەی واتایی و هێما بوونە. بە ڕادەیەک ڕوانین بۆیان هەر لە سنووری ئاژەڵایەتیان نەماوەتەوە، بەڵکو چوونەتە ناو فەرهەنگ و بیر. میللەتان بەشێوەی جیاواز و وێکچوو سەیری هەندێ جۆری ئاژەڵیان کردووەو واتاو هێمای جیاوازو وێکچوویان بۆ هەندێکیان داناوە. هەندێ لە میللەتان "بەشێوەی پیرۆز سەیری مانگایان کردووە"(الاحمد،١٩٨٩،ص٥٨). زۆربەی نەتەوەکان لە نێویاندا نەتەوەی کوردیش هەندێ ئاژەڵیان وەک هێما بەکارهێناوە. "بۆ نموونە (شێر) بۆ ئازایەتی بەکارهێناوە، (ڕێوی) بۆ فێڵبازی و (مار)ی بۆ نەمری"(خۆشناو،٢٠١٠،ل٢٨) بەکارهێناوە. نەک تەنیا ئاژەڵ بە سروشتی تەواوی بوونی خۆی بۆتە جێگەی بیرو هێما لەلای مرۆڤ، بەڵکو " ئەو دەنگەی کە لە گیانەوەران یان شتانەوە دەردێ ئاماژەیەکە لەم جیهانە ڕازئامێزەوە"(حسەینی،٢٠٠٦،ل١٦٨). کەواتە ئاژەڵان نەک هەر تەنیا بوونیان بەشێوەیەکی گشتی ماناو هێمادارە، بەڵکو بەشێک لە بوونیان بۆ نموونە: چاو، شاخ، چڕنوک، زمان، دەنگیان، ڕەنگیان، شێوەیان ... هتد، لێکدانەوەی هێماییان بۆ دەکرێت.

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی ئاوڕی لە پێکهاتەکانی ژیان داوەتەوە، ئەوەی پەیوەستە بە مرۆڤ و خولیاو ئارەزووەکانی، بوونەتە جێگەی پڕ بایەخی

بەرهەمی ئەدەبی. لەگەڵ بایەخدان بەمرۆڤ، سروشتو پێکهاتەکانی بە هەمان شێوەی مرۆڤ جێگەیان لە بەرهەمی ئەدەبیدا هەیە.
ئاژەڵان وەک بەشێکی سروشت و پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە، بەدوو شێوە خزاونەتە ناو بەرهەمی ئەدەبییەوە، لە شێوەی یەکەمدا ئاژەڵان بەشێوەی تەواو ڕۆڵی تێدا دەبینن. بۆ نموونە بەرهەمی (چیرۆکەکانی ئیزۆپ) کە باس لە بەسەرهات ئاژەڵان دەکات و بەشێوەیەکی هێمائامێز گوزارشت لە خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکات.

لە کتێبی (کلیله و دیمنه)ی بەیدەبادا "لەسەر زمانی دڕندە و گیانەوەرانیتر ڕێکی خست"(بەیدەبا،٢٠٠٧،ل٢٣)، سەرتاپای بەرهەمەکە ئاژەڵان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. ئەم بەرهەمە بە زمان و ڕۆڵی ئاژەڵان بەرجەستەی ئارەزوو و خولیاکانی ژیانی مرۆڤ دەکات. بەرهەمێکی پڕ ڕازو هێماداره، ئەم شتانەی کە مرۆڤ دەیکات، بە ڕۆڵ و ژیانی ئاژەڵانەوە بەستراوەتەوە.
یەکێکی دیکە لەو بەرهەمە جیهانیانەی کە ئاژەڵان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، ڕۆمانی (باخچەی ئاژەڵان)ی (جۆرج ئۆرویل١٩٠٣-١٩٥٠)ە، ڕۆمانێکی هونەری و سەرکەوتووە کە ئەویش ئاژەڵان لە جیاتی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و گوزارشت لە خولیاکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەسەر زمانی ئاژەڵان دەکات.
ئەمانە سێ بەرهەمی جیهانی بوون کە ئاژەڵان بوونەتە هەڵسوڕێنەری سەرەکی بەرهەمەکان و لە جیاتی مرۆڤ ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن. دەتوانین بڵێین کە ئەم سێ بەرهەمە جیهانییە و بەرهەمی دیکەش، ئاژەڵان بەپێی شێوەو هەڵسوکەوت و کارو کرداریان، گوزارشت لە ویستەکانی مرۆڤ دەکەن. پەنابردنی ئەو نووسەرانە بۆ بەکارهێنانی ئاژەڵەکان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:
١/ لەبەر هۆی جوانکاری و دەربڕین
٢/ سەردەمەکەیان ڕێگەی نەداوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر زمانی مرۆڤەکان دەربڕین لە شتەکان بکەن، بۆیە پەنایان بۆ زمان و بەسەرهاتی ئاژەڵان بردووە. بەم ڕێگەیە توانیویانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکان بپێکن.

لەشێوەی دووەمدا ئاژەڵان لە تەک مرۆڤدا ڕۆڵ دەگێڕن و دەبنە بەشێکی پێکهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکە. چیرۆکی (گەلەگورگ) کە کاری ئێمەی لەسەر دەکرێ، نموونەیەکی باشی ئەم بابەتەیە کە ئاژەڵ بەتایبەتی گورگ لە تەک مرۆڤدا دەبێتە کارەکتەرێکی سەرەکی.

**باسی دووەم: گورگ و تایبەتمەندییەکانی**

**١/ گورگ چییە؟**

ئاژەڵان جۆریان زۆرە، یەکێک لە جۆرەکانی ئاژەڵ گورگە. "گورگ (ذئب،wolf) گیاندارێکی شیردەری دەڕندەیە"(غەریب،٢٠١٢،ل١٣١)، " گۆشتخۆرو کیوییە"(سماحة،٢٠٠٥،ص٢٥٤). " گورگ لە شێوەدا لە سەگ دەچێ، بەرزییەکەی نزیکەی مەترێکە، درێژییەکەشی بە کلکییەوە نزیکەی (١٦٥)سم دەبێت. کێشی "(٢٥ – ٥٠) کگم"(عقیل،١٣٨٣ش-١٤٢٥ه،ص٨١٦) دەبێت. پێستەکەی درە، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی مەیلەو سوورو زەردی هەیە"(الراوي،٢٠٠٠،ص٣٠٠)، تەمەنی "(١٦-٢٠) ساڵ دەبێت" (الراوي،٢٠٠٠،ص ٣٠٠).

لە ڕووی ژیانی خێزانداریشەوە، "گورگ لە وەرزی زستانان زاوزێ دەکات. ماوەی سکپڕی نزیکەی (٦٥) ڕۆژ دەبێت. مێیەی گورگ لە نێوان (١ تا ١١) بێچووی لە یەک سکدا دەبێ"(حسین،٢٠٠٨،ص٨٧). بەمشێوەیە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی گورگ دروست دەبێت.

**٢/ جۆر و ژینگەی گورگ**

گورگ بەو پێکهاتەو سروشتەی کە هەیەتی، وایکردووە خاوەن تایبەتمەندی بێت، جۆری پێست و قەبارەکەی بەندە بەو ژینگەیەی لێی دەژی. دەتوانین بڵێین لە ڕووی ڕەنگی پێست و ژینگەی ژیانییەوە " گورگ دووجۆرە: خۆڵەمێشی، کە لە دارستانەکانی ناوچەی شێداری باکوری زەوی دەژین. لەشەکەی بە پێستێکی خۆڵەمێشی داپۆشراوە. سکو پێیەکانی سپییەکی زەرد باوە.

جۆری دووەم سوورە، کە پێستێکی قاوەیی مەیلەو سووری هەیە. ئەمەیان لە قەبارەدا لە جۆری یەکەم بچوکترە"(حسین،٢٠٠٨،ص٨٧). بە شێوەیەکی گشتی گورگ "لە ناوچەکانی باکوری ئەمەریکای باکور دەژی. ئەمەش هەمان جۆرە کە لە ئەوروپاو باکوری ئاسیا ناسراوە. ئەم جۆرەش جیاوازە لەو جۆرەی کە لە ناوچەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا

هەیە"(الـراوي،٢٠٠٠،ص٣٠٢). سـەرەڕای ئەمـانە "لە بـاکوری ئەسـکەندەنافیاو سـیبریاو گرینلانـددا گـورگی سـپی هەیە کە بە گـورگی جەمسـەری ناسـراوە. ئەو پێستەشی کە هەیەتی، یارمەتی ئەوەی دەدات لەگەڵ کەشـی ئەو نـاوچەیە بگونجێ کە بە بەفرو بەستەڵەک داپۆشراوە"(الراوي،٢٠٠٠،ص٣٠٠). هەروەهـا جـــۆرێکی دیـــکەی گـــورگ هەیە کە ئەویـــش " گـــورگی ڕەشـــە" (الـراوي،٢٠٠٠،ص٣٠٢). بە مشـێوەیە گـورگ لە ڕووی ڕەنگـی پێسـتییەوە کە ژینگەکەی زۆر کـاریگەری لەسـەر هەیە، دابەشـی سـەر چـوار جـۆر دەبێـت: (خۆڵەمێشی، سووری مەیلەو قاوەیی، سپی، ڕەش).

### ٣/ هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی گورگ

گـورگ گەلێـک تایبەتمەنـدی هەیە کە وایکـردووە لە ئـاژەڵانی تـر جیـابێتەوە. ئەگەر هەندێ تایبەتمەندی گورگ دەستنیشان بکەین، دەبینین:

١/ گــورگ لە دواوە (لە پشــتڕا) نەوەک لە پێشـــەوە هێـرش دەکــاتە ســـەر نێچیرەکەی.

٢/ هێرش ناکاتە سەر ئەوانەی کە لێیان دەترسێ.

٣/ ئەگەر بیەوێ هێرش بکاتە سەر مێگەلە مەڕێک، ئەوە فێڵ و حیلە دەنـوێنێ و دەنگی لەلایەک دێت تاوەکو سەگەکان بەدوای دەنگەکەی ڕابکەن، لەوکاتەدا ئەو لەلایەکی دیکە هێرش دەکاتە سەر مێگەلەکە.

٤/ گورگ بە زۆری پێش ڕۆژهەڵاتن هێرش دەکەن، چونکە لەو کاتەدا شـوان و ســـەگەکان بەهـــۆی نەنووســـتنیان لە شـــەودا مانـــدووبوونە (الاحمـــد، ١٩٨٩،ص٦٨). ئەمەش سروشتی هێرش سوپا یاخود لەشکرێکە.

٥/ بەشەوان چالاک دەبێت و ڕاو دەکات. لەو کاتەی بەڕۆژ دەخەوێت.

٦/ دەتـوانێ مـاوەی ٤٨ بـۆ ٦٤ کیلـۆمەتر لە یەک شـەودا ببڕێـت بـۆ ئەوەی نێچیرێکی دەستکەوێت.

٧/ چەندە کەش و هوا سارد بێت، گورگ زۆر شەڕانگێزو مەترسیدار دەبێت.

٨/ زانینــی ژمــارەی گەلە گورگەکــان زەحــمەتە، ئەمەش بەهــۆی بزربــوونی شــوێن پێیــانە. چـونکە گـورگ لە یەک ڕیـز دەڕۆن، بەمەش ئەوانەی دواوە، شوێن پێی ئەوانەی پێشەوە دەسڕنەوە(الراوي،٢٠٠٠،ص ٣٠١).

٩/ لە شەڕدا زۆر فێڵاوی‌و دڕندەو لێهاتووە.

١٠/ گورگ لەبەر زۆر هەستیاری و پاسەوانیەتی، بەیەک چاو دەخەوێت و چاوەکەی دیکەی دەکاتەوە. ئەو کاتەی کە چاوە خەوتووەکەی تێر خەوبوو، ئەوە دەیکاتەوەو بە چاوەکەی دیکە دەخەوێت.

١١/ کە بە تەنیا بێت هێرش ناکات، بەڵام کە بەکۆمەڵ بوون (گەلەگورگ) ئەو کاتە هێرش دەکەن(عقیل،١٣٨٣ش-١٤٢٥ه،ص٨١٥،٨١٧،٨٣٥).

١٢/ هەستەوەرەکانی بینین و بۆنکردن و بیستنی ئەوەندە هەستیارە بەڕادەیەک دەتوانێ ئاسکێک لە دووری (١٦٠٠) مەتر ببینێ و بۆنی بکات(حسین،٢٠٠٨،ص٨٧).

بەشێوەکی گشتی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی، زیرەکی و لێهاتوویی گورگ لە ڕاوکردنی نیچیرەکەی و دڕندەیی پیشان دەدەن.

### ٤/ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گورگ

مرۆڤ سروشتێکی گۆڕاوی هەیە، بەپێی باری دەروونی و دەوروبەرو پێویستی و ژینگەو سروشت، گۆڕان لە مرۆڤدا ڕوودەدات. لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵان پەیوەندی هەیە. بەجۆرێک ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە مرۆڤ لە هەر ئاژەڵێک تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە. واتا سیفەتێکی هەر ئاژەڵێک لە مرۆڤدا هەیە.

گورگ وەکو ئاژەڵێکی کاریگەرو خاوەن تایبەتمەندی، وایکردووە پەیوەندییەک لەگەڵ مرۆڤدا دروست بکات. بێگومان ئەو تایبەتمەندییەی کە لە گورگەوە بۆ مرۆڤ چووە، لایەنێکی نەرێنییە، چونکە گرینگترین سیفەتی گورگ دڕندەییەو هەر ئەو سیفەتەش بۆتە خاڵی هاوبەشیان.

هاوبەشی لە نێوان مرۆڤ و گورگ زۆر کۆنە و تێکەڵ بە ئەفسانە بووە. " ئەفسانەی مرۆڤ گورگە پشت بە دووانەی ئەوە دەبەستێ کە بەشەو گورگە و بە ڕۆژیش مرۆڤە. ئەم دووانەش لە ئەفسانەی جانۆس (JANUS)ی دوو ڕوو دەیدۆزینەوە"(خلیل،١٩٩٦،ص٢٧). پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گورگ یاخود "ئەفسانەی مرۆڤی گورگ لە نێو یۆنانی و ڕۆمانی و جەرمەنییە کۆنەکاندا بەربڵاوە. لە نموونەی ئەم ئەفسانە بنەڕەتییە، نموونەی دیکەش لە جیهاندا هەیە، وەک: مرۆڤ پڵنگە، شێرە، تیمساحە، ورچە، ڕێوییە ... هتد"(خلیل،١٩٩٦،ص٢٧).

ئەم پەیوەندییەو تێکەڵبوونی بە ئەفسانەی میللەتان، هەر لە سنووری کۆنی و ئەفسانەدا نەماوەتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە بیروڕای فەلسەفیش بووە. " ئەم

ڕاستیانەش وای لە هەندێک بیرمەندی وەکو "(هۆبز) کردووە کە بڵێین: (مرۆڤ بۆ برای مرۆڤی، گورگە)"(فرۆم،٢٠١٢،ل١١). بە ڕای بیرمەندێکی وەکو (ئەریک فرۆم)یش پەیوەندی و کاریگەری مرۆڤ بە گورگەوە، هەر لە ئاستێکی هاوسەنگدا نامێنێتەوە، بەڵکو "هەندێکمان زۆر لە گورگیش خراپترین"(فرۆم،٢٠١٢،ل١٤). لە ڕۆمانی کوردیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە مرۆڤیش دەبێتە گورگ. لە کورتە ڕۆمانی (بەردە ژن!!)دا دوای ئەوەی کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە بە ناوی (حەسەن) لە ڕێگەی چوونی بۆ حەج لە پەلاماری گورگی چوارپێ ڕزگاری دەبێ، ئەوجا دەکەوێتە بەر هێرشی دزو جەردان، بۆیە دەڵێ "لەدەست گورگی درندە ڕزگارم بوو، ئەمجارە نۆرەی گورگی ئادەمیزادە!"(حەسەن، ساڵی چاپکردن نەنووسراوە،ل٢٢).

ئێمە پێمانوایە کە مرۆڤ و گورگ، یاخود مرۆڤ و هەر ئاژەڵێکی دیکە، هەر یەکەو خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بە تەواوی لە یەک ناچن، بەڵام کاتێک مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤینی خۆی لادەدات و ئازاری مرۆڤ و دەوروبەری دەدات، ئەو کاتە بەشێکی گرینگ لە سیفەتی گورگ وەردەگرێت کە ئەویش (درندەییە). چونکە مرۆڤ وەک تیغە، دەتوانێ بە درێژایی ژیانی کاری چاک بکات و چاکەی لێبکەوێتەوە. دەتوانێش لە سروشتی مرۆڤینی خۆی لابدات و ببێتە درندەیەکی لە چەشنی گورگ.

**باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی گورگ لە نێو شارستانییەت و ئایین و فۆلکلۆرو ئەدەبی گەلان و کوردیدا**

**١/ گورگ لە نێو شارستانییەت و ئایین و فۆلکلۆرو ئەدەبی گەلاندا**

گورگ و تایبەتمەندییەکانی، بەتایبەتی لایەنی (درندەیی)، ڕەگێکی قووڵی لەنێو شارستانییەت و ئایین و کولتوورو ئەدەبی گەلاندا لە نێویاندا ئەدەبی کوردیشدا هەیە.

گورگ پەیوەندییەکی بەهێزی بە شارستانییەت و ئیمپراتۆریەتی (ڕۆما)وە هەیە، ئەم پەیوەندییەش بۆ ئەفسانەی (ڕۆمۆس و ڕۆمۆلۆس) دەگەڕێتەوە. بە پێی ئەم ئەفسانەیە ساڵی ٧٥٠ بەر لە زایین، کەسێک بە ناوی (نومیتۆر) بووەتە پاشای هەرێمی (لاتیوم)، بەڵام براکەی (ئامۆلیۆس) ئەوی لە دەسەڵات لاداو خۆی بووە پاشا. دوای لادانی لە دەسەڵات، ئامۆلیۆسی سەرەڕۆ فەرمانی دا کە پاشای پێشوو زیندانی بکات و کچەکەشی (ڕئاسیلویا) بۆ پەرستگای زێستا بنرێت تا ببێت بە ڕەبەن. لەو سەردەمەدا وا

باوبوو كە ڕەبەنەكان ناتوانن ژیانی هاوسەرگیری پێكبهێنن و منداڵیان ببێت. بەڵام خوداوەندی مارس لەم كارەی ئامۆلیۆس تووڕە بوو، لە ئاسمانەوە بەرەو زەویی هاتە خوارێ و لەگەڵ رئاسیلویا هاوسەرگیری كرد. ئاكامی ئەم هاوسەرگیرییە دوو كوڕی بەناوی ڕۆمۆس و ڕۆمۆلۆس لێكەوتەوە. كاتێك ئامۆلیۆس بەم مەسەلەیەی زانی، بڕیاریدا تاكوو ئەم دوو منداڵە بخاتە ناو سەبەتەیەكەوەو بیدا بە ڕووباری تەیبەرەوە. خوداوەندی مارس كە ئەم ڕووداوە دەبینێ، فەرمانی بە ڕووباری تەیبەردا تاكوو ئەو مندالانە بە سەلامەتی بگەیەنێتە وشكانی، بۆ شوێنێك كە دێڵە گورگێك چاوەڕێیان بوو تا پارێزگاریان لێ بكاو بەخێویان بكات. ڕۆژئاوای ئەو ڕۆژە، كاتێك شوانی پاشا لە كاتی گەڕاندنەوەی مەڕو ماڵاتەكەی بوو لەناو دارو دەوەنی قەراغ ڕووبارەكە گوێی لە گریانی منداڵ بوو، كاتێك نزیك بووە، دەبینێ وا گورگێك خەریكی پێدانی شیرە بە دوو منداڵ. دوای ڕۆیشتنی گورگەكە، شوانەكە منداڵەكانی بردەوە بۆ ماڵی خۆی و بەخێوی كردن. دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، ڕۆمۆس و ڕومۆلۆس گەیشتنە تەمەنی لاویەتی و لەم نهێنییەی ژیانیان ئاگاداربوونەوە، هەڵمەت دەبەنە سەر كۆشكی ئامۆلیۆسی سەرەڕۆو پاش كوشتنی ئامۆلیۆس، باوكیان لە بەندیخانە ئازاد دەكەن و سەر لەنوێ دەیكەنەوە پاشا(پەنا،٢٠١٢،ل٢٢). دواتر لەنێوان هەردوو برا كە شیری گورگیان خواردووەتەوە، ناكۆكی دروستدەبێت و لە ئەنجامدا ڕۆمۆس لەلایەن رمۆلۆسی برایەوە دەكوژرێ. "رومولۆس لەم كارەی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام چونكە تازە ئەم ڕووداوە هاتبووە ئاراوە، ئیدی هیچ دەسەلاتێك نەبوو، هەر بۆیە درێژە بەدروستكردنی شارەكە دەداو دوای تەواوبوونی شارەكە رومولوس ناوی براكەی لەسەر شارەكە دادەنێت، واتە ناوی شارە نوێیەكە دەنێت رۆم"(پەنا،٢٠١٢،ل٢٣). بەم شێوەیە شاری ڕۆما كە دواتر دەبێتە پایتەختی ئیمپراتۆیەتی ڕۆماو ئیتاڵیای ئێستا، بەناوی (ڕۆمۆس)ەوە دەكرێت كە لەلایەن (ڕۆمۆلۆس)ی برایەوە كوژراوەو هەردوو براكەش شیری گورگیان خواردووەتەوە. بێگومان كوشتنی برا لەلایەن برایەوە، دڕندەیی پیشاندەدات.

بناغەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما هەر لە سەرەتاوە بە كوشتنی برا لەلایەن برایەوە دەست پێدەكات. دواتر دەگاتە ئەوپەڕی كوشت و كوشتارو دڕندەیی و داگیركاری. "سێیەمین پاشای ڕۆما (هوتبلوس)ی ناوبوو، كەسێكی شەڕوان

و سـەرەڕۆ بـوو. ئەو هەر کە گەیشتە دەسـەڵات بە مەبەستی بەرینترکردنی کەوشـــــەنی دەســــــەڵاتەکەی شـــــــەڕی لەگەڵ دراوســـــێکانی ڕاگەیاند"(پەنا،٢٠١٢،ل٢٨). لەلایەکی دیکە دەبینین کە (بروتوسی) قەیسـەر کە هەست دەکات کوڕەکانی پیلانـی لەنـاوبردنی دەسـەڵاتەکەی بـۆ دادەڕێـژن، دەچێتە دادگاو فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەردەکات(پەنا،٢٠١٢،ل٣٠). لە لایەکی دیکە لە ماوەی ساڵێکدا "لە ژوئێنی ساڵی ٦٨ تا دێسامبری ٦٩ چوار ســەرکردە بە دەســـتی یەک دەکوژرێن"(پـــەنا،٢٠١٢،٦٥). ئەم کوشـــت و کوشتارە لە شوێنێکدا دەگاتە لوتکە، بەتایبەتی " لەنێوان ٢٣٥ تا ٢٨٤ زایینی، پتـر لە ٢٥ ئیمپڕاتـۆری جۆربەجـۆر بەسـەر ڕۆمـا فرمانڕەواییـان کـرد هەر هەموویان جگە لە دوو کەسیان نەبێت یان تیرۆر کراون یان لە گۆڕەپانی شەڕدا کوژراون"(پەنا،٢٠١٢،ل٨٢).

هەمـوو ئەو بەسـەرهاتە تراژیـدیانە ئەوە دەسـەلمێنن کە ئیمپڕاتـۆریەتی ڕۆمـا هەر لە سـەرەتای دروستبوونییەوە، ئەوپەڕی کوشـت و کوشتارو دڕنـدەیی بەخـۆیەوە بینیـوە. بێگومـان سـیفەتی دڕنـدەیی سـیفەتێکی گـورگەو ئەو ئیمپڕاتۆرەش بۆ دوو برا دەگەڕێتەوە کە شیری گورگیان خواردووەتەوە.

لە ئـاییني ئیسـلام و کتێبـی قورئـانی پیرۆزدا، دەبینـین باسـی گـورگ کـراوە. لە سـوڕەتی (یوسـف)دا لە ئـایەتی (١٣)، کاتێک برایەکـانی حەزرەتـی یوسـف داوا لە باوکیـان (یعقـوب) دەکەن کە ڕێـگە بـدا یوسـفی برایـان لەگەڵ خۆیـان ببـنەدەرێ، باوکیشـیان مەترسـی ئەوە دەدەبـڕێ کە ئەگەر یوسـف لەگەڵیان بڕوات، ڕەنگە ئەوان بێئاگابن و گورگ بیخوات: "قال إني ليحزنني أن تـذهبوا بـه وأخـاف أن يأكلـه الـذئب وأنـتم عنـه غـافلون". دواتـر کە برایەکـان یوســـف لەگەڵ خۆیـــان دەبەن و هەوڵـــی لەنـــاوبردنی دەدەن و هەواڵـــی مردنەکەشـــی بە باوکیـــان ڕادەگەیەنـــن کە ئاگایـــان لـــێ نەبـــووەو گـــورگ خواردوویەتی: "قالوا يا أبانا إنا ذهبنا نستبق وتركنا يوسف عند متاعنا فأكله الذئب وما أنت بمومن لنا ولو كنا صادقين". ئەمـەش لـە ئایـەتی (١٧)ی هـەمان سوڕەتە. بەمشێوەیە بەخۆیان دەبنە گورگی برای خۆیان.

ئەوەی لەم بەسەرهاتەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە گورگ وەک هێمایەکی خراپ و دڕندەیی بەکارهـاتووە، چـونکە بە خـواردنی مـرۆڤ ناسـێنراوە، کە دیارە هەر تەنیا دڕندەکان مرۆڤ دەخۆن.

لە بەرھەمێکی ئەدەبیی وێنەکێشی بلیمەتی جیھانی (لیۆناردۆ دافینشی ١٤٥٢ – ١٥١٩ز) لە چیرۆکێکی منداڵاندا بە ناوی (گورگ) بە شێوەیەکی سادە، درندەیی گورکمان بۆ دەگێڕێتەوە. "شەوێکیان گورگێکی برسی زۆر بەھێواشی و لەسەرخۆ، لە دارستانەکە دەرکەوت، بەبێ چرپەو بە ئەسپایی لە تەویلەی بەرخەکە نزیک بۆوە. گەلێ بەبێ دەنگی ھەنگاوی ھەڵدەھێنا، نەبادا دەنگێکی لێوەبێت و سەگەلە نووستووەکان بەئاگابێنەوە ... بەڵام لەناکاو پێی کەوتە سەر پاچە تەختەیەک و زرمەی لێ ھەڵساند. گورگەبۆر بۆ ئەوەی سزای خۆی لەسەر ئەم ھەڵە گەورەیە بدات، قەپێکی توندو بەھێزی لەو پێیەی خۆی گرت و خوێنی لێ ھێنا"(ساڵەیی،١٩٩٦،ل٥٣). ئەم چیرۆکە لە دوولاوە درندەیی گورگەکە پیشاندەدات:

١/ ویستوویەتی بەرخێک بخوات.

٢/ کە پێی خۆی بۆتە ھۆکاری ئاشکرابوونی، ئەوە سزای خۆشی دەدات و قەپێک لە پێیەکەی دەدات و خوێنی لێدەھێنێت. واتا درندەیی لەگەڵ خۆشی دەکات.

لە کتێبێکی گرینگی جیھانی وەک (پەیمانی کۆمەڵایەتی)ی جان جاک ڕۆسۆدا، بەشێوەی لێکچواندن، ئاماژە بە درندەیی گورگ کراوە. لەو کاتەی کە ململانێیەکی توند دەکەوێتە نێوان دەوڵەمەندو ھەژارەکان، دەوڵەمەندەکان بەھەموو شێوەک دژایەتی ھەژارەکان دەکەن و بەو پەڕی درندەیی و توندوتیژییەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەڕادەیەک "لە درندەیی دا وەک گورگیان لێ ھاتبوو"(ڕۆسۆ،١٩٨٢،ل٢٣).

بەسەرھاتی گورگ وەکو ھێمایەکی درندەیی و ستەمکار، بەشێوەیەکی بەرچاو پەڕیوەتەوە بۆ ناو پەندی گەلان، وەک:

١/ گورگەکان لە دەرگای خۆت دووربخەرەوە.

٢/ گورگە و لە پێستی مەڕ دایە(Good،2008،p1675).

٣/ ھەر کەس گورگ لە جیاتی سەگ نان بدات، گیروگرفتی ئەوەی ھەیە ماڵەکەی بپارێزێ.

٤/ نە بڕوا بە بەراز بکە لە باخچەدا، نە بە گورگیش لەناو مەڕدا.

٥/ گورگ تا مردن بیر لە مەڕ دەکاتەوە.

٦/ دەست بە سەری گورگ و پڵنگ دامەھێنە (ھێرمان،٢٠٠٧، ل١٨٥،١٨٧،١٣٨،١٨٢).

هەمـوو ئەو پەنـدە جیهانیـانە گوزارشـت لە گـورگ وەک ئـاژەڵێکی درنـدە و مەترسـیدار دەکەن. هەڵبژاردنـی پەنـدەکانیش بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەنـدی ئاژەڵان لەلای هەموو میللەتان زۆر باوە(هێرمان،٢٠٠٧،ل١٢).

ئەمـانە چەنـد بەسـەرهاتێکی گـورگ بـوون کە لە شارسـتانییەت و ئـایین و کولتوورو ئەدەب و فۆلکلۆری گەلاندا ڕەنگی داوەتەوەو گشتیشیان لە بازنەی درندەیی گورگدا هاوبەشن.

**٢/ گورگ لە نێو فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردیدا**

گـورگ وەکـو ئـاژەڵێکی کـاریگەر، ڕۆڵێکـی کـاریگەرو دیـاری لە نێـو ژیـانی کـوردەواری بەتـایبەتی لەلای خـاوەن مەڕو مـاڵات و لادێ نشـینەکاندا هەیە. ئەم ڕۆڵەی دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو سروشـت و هەڵسوکەوتەی کە گورگ لەگەڵ خـاوەن مەڕو مـاڵات و لادێ نشـینان‌دا دەیکـات، کە بێگومـان ڕۆڵێکـی نەرێییەو مـــایەی زەرەرو زیـــانە. هەر لە چوارچێـــوەی ڕۆڵەکەیـــدا باســـی گـــورگ پەڕیوەتەوە ناو بەرهەمی فۆلکلـۆری و ئەدەبی هـونەری. لە فۆلکلـۆرو ئەدەبی کوردیدا باسی گورگ کراوە. چەندین پەندی کوردی هەیە کە باسـی گورگ دەکات، لەوانە:

١/ مەڕی ئاو گەلە گورگ دەی خوا (دەشتەکی،١٩٨٥،ل٦٦).

٢/ ئەگەر دادەنیشم گورگ دەمخوا، ئەگەر هەر دەستم ئاو دەمبا.

٣/ تا ئێستا پێم دەکرد خێرە، ئەلحان لێم بووە گورگ و شێرە.

٤/ کەر باری تفەنگیش بی، گورگ دەیخوا.

٥/ لەگەر سـاحێب مەڕان شـینێ دەکـا، لەگەر گـورگی گۆشـتی دەخـوا (جوتیار،٢٠٠٥،ل٣٤،٤٣،٧٥،٧٩).

ئەگەر بەشـێوەیەکی ورد لەو پەنـدانە وردبینـەوە، گشـتیان گوزارشـت لەوە دەکەن کە گورگ مایەی مەترسییەو نابێ پشتی پێ ببەسترێ.

سـەرەڕای پەند، گورگ لە شیعری فۆلکلـۆری کوردیدا باسـی لێوە کراوە، لە بەیتێکی فۆلکلۆری ئەوە هاتووە:

تـوورگە تـوورگە هێ برام لەبەر توورگی شـین
کەس ناوێرێ لۆی بچی بوویتە گورگی دەوبەخین

(عەدۆ،١٩٨٧،ل١٠٦)

لەم بەیـــتەدا بنـــاغەی لێکچوانـــدن هەیە، تـــوورگ لە درندەیـــدا بە گـــورگی چوێنراوە، واتا گورگ لەوچووە، توورگیش لێچووە.

لەنێو شیعری شاعیرانیشماندا باسی گورگ کراوە، (ئەسیری) شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێ:

تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە
دڵ پەرۆشێکی هەیە، ئارام و وێستانی نییە
گورگە بۆزو گورگە شین و گورگە ڕەش چوونە مەلاس
مێگەلی کوردی لە شیوو هەردەیە، شوانی نییە
نەونەمامی باغی خۆشیی نیشتمانم هاتەبەر
باغەوان و پاسەوان و ئاو و کێلانی نییە

(ئەسیری، ٢٠٠٦، ل٢٣١)

مەبەستی ئەسیری لەم شیعرەدا گورگی چوارپێ نییە، بەڵکو داگیرکەرانی کوردستانە کە وەکو گورگی دڕندە بەربوونەتە گیانی گەل و خاکی کوردستان.

لە ڕۆمانی کوردیدا لا لە باسکردنی گورگ و سیفەتی دڕندەیی گورگ کراوەتەوە. لە کورتە ڕۆمانی (بەردە ژن!!)دا، کارەکتەری حەسەن کە نیازی سەفەری حەجی هەیە، لە بیاباندا تووشی چەند گورگێک دەبێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "منیش دەبمە ژمارەیەک لەو ژمارە زۆرانەی کە گورگی بیابان خواردونیەتی"(حەسەن، ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە،ل٢٢). لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا، ئەو سەربازانەی کە لە شەڕی مرۆڤ بۆ برای مرۆڤی ڕزگاریان بووە، ئەوە لە شەڕی گورگ ڕزگاریان نابێت و دەبنە خۆراکی گورگەکان. " کارەسات بیابانیشی گرتبۆوە، هەزاران تارمایی سەرباز کە لە شەڕ یاخی ببوون پێش ئەوەی بگەنە تونێڵەکان ببوونە خۆراکی گورگ و سەگی کێوی. گورگ و سەگی بیابان وەگ گیاندارەکانی شێخ عومەر نەبوون، نا ئەوان تارمایی مات و خۆڵین نەبوون. ئەوان وەک برووسکەو ئاگر هەڵیان دەکوتایە سەر هەر شتێکی زیندوو" (غەریب،٢٠١٣،ل١٨٩).

بەشێوەیەکی گشتی لەنێو پەندو بەیت و شیعرو ڕۆمانەکاندا، تێبینی ئەوە دەکەین کە هەموویان گورگ وەکو ئاژەڵێکی دڕندەو بە زیان و ستەمکار پیشان دەدەن. ئەو نموونانەی باسیان لێوە کراوە، هەر ئەوەندە لە فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردیدا نین، بەڵکو چەندین دەقی جۆراجۆریتریش هەیە کە باسیان لە

گورگ و ڕۆڵە ستەمکارەکەی کردووە، بەڵام ئێمە وەکو (مشتێک نموونەی خەرواریکە) وەرمانگرتوون و کردوومانەتە نموونەی کاریگەر.

**تەوەری دووەم: بەهێماکردنی گورگ لە چیرۆکی (گەلەگورگ)دا**

**باسی یەکەم: گەلەگورگ وەک کتێب و چیرۆک**

**١/ گەلەگورگ وەک کتێب**

گەلەگورگ (عارف،١٩٨٣) ناونیشانی کتێب و چیرۆکێکە کە لە لایەن چیرۆکنووسی کورد (حسێن عارف)ەوە نووسراوە. گەلەگورگ وەک کتێب لە چوار چیرۆک پێکهاتووە: (١- سەفەرێکی ئەفسووناوی ٢- تەتەر ٣- گەلەگورگ ٤- شالاوی دڵ). بە هەر چوار چیرۆکەکە، کتێبێکی سەربەخۆیان پێکهێناوەو ساڵی (١٩٨٣) لە (مطبعة الاديب البغدادية) چاپکراوەو لە ١٧٦ لاپەڕەی قەبارە گەورە پێکهاتووە.

**٢/ گەلەگورگ وەک چیرۆک**

گەلەگورگ لەیەک کاتدا ناونیشانی کتێبەکەو ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانە کە کتێبەکەی پێکهێناوە. واتا کتێبەکە بەناوی یەکێک لە چوار چیرۆکەکە کراوە. چیرۆکی گەلەگورگ باسی خێزانێک دەکات کە لە باوک و دایک و دوو منداڵ پێکاتووە. باوکەکە ناوی (بارام)ە، دایکەکە ناوی (ئایش)ە، دوو منداڵەکەش ناویان (ئالا) و (بالا)یە. بارام و ئایش هەم ژن و مێردن، هەم ئامۆزای یەکتریشن.

ئەم خێزانە لە ئاواییەک دەژین، دواتر بارام لەبەر بێزاربوونی لە خەڵکی گوندەکە، بڕیار دەدات دوور لە ئاواییەکە خانوویەک دروست بکات و تێیدا بژین. هەر چەندە ئایش و مام و مامۆژنی ڕازی نابن، بەڵام سووربوونی بارام لەسەر بڕیارەکەی، ئەوانیش ڕازی دەبن. بارام دوور لە ئاوایی و لە باوەشی سروشت خانوویەک بۆ خێزانەکەی خۆی و سێ بزن و گوێدرێژێک و سەگەکەیان کە ناوی (بازە)یە دروست دەکات. سەرەتا ژیانێکی ئاسایی و ئاسوودە دەژیان. بەڵام دواتر ڕووداوەکان بەرەو هەڵکشان و گرژی دەڕۆن و ژیانیان بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. ئەم ئاڵۆزییەش بەهۆی سێ هۆکار بووە:

١/ هێرشی زریان و بەفرو سەرماو سۆڵە. کە ئەم ساڵە سەرمایەکە ئێجگار بەهێزو کوشندە بووە.

٢/ هێرشی گورگی دوو پێ کە مەبەست لە مرۆڤ و دەوروبەرە.

٣/ هێرشی گورگی چوار پێ کە مەبەست لە گورگی ڕاستەقینەیە.

ئەم هێرشـانە دەبـنە هۆکـاری ململانێیەکـی بەهێـز لە نێـوان مـرۆڤ و دەوروبەری، یاخود مرۆڤ و سروشت. بارام لە خەڵکی دەوروبەری بێزارە، وا هەست دەکات خەڵکانی دەوروبەری گورگی دووپێن. تەنیا مام و مامۆژنی نەبێ. هێرشی ئەم سێ لایەنە تا دێت بەسەر خێزانی بارام کاریگەرتر دەبێت. هەتـا لە شـەوێکی زسـتانی زۆر سـارددا گەلەگورگێـک هێـرش دەکەنە سـەر ماڵەکەی بارام. دوای ململانێیەکی زۆر، هێرشـی گەلەگورگ تـا بەیانی درێژە دەکێشـی و بەهـاتنی بەیـانی و ڕووناکبوونەوەی دونیـا، گورگەکـان دەڕۆن و خێزانـی بـارام ڕزگاریـان دەبێت، تەنیـا بـازەی سـەگ دەبێتە قوربـانی. لێرەدا دەتـوانین ئـەوەش بڵێـین کـە ماڵەکـەی بـارام وەکـو خـاک یـان نیشـتیمانە کـە دوژمن هێرشی دەکاتە سەری و دەخوازێ داگیری بکات. دواتر بارام بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئاواییەکە دەدات و دەچێتەوە ناو کۆمەڵگای گورگی دووپێ.

**باسی دووەم: هێرشەکانی چیرۆکی گەلەگورگ**

**١/ هێرشی زریان و بەفرو سەرماو سۆڵە**

ئەو کاتەی بـارام بڕیـاردەدات ئـاوایی بەجێبهێڵێت و دوور لە ئـاوایی خـانوو و ماڵێـک دروسـت بکـات تـاوەکو خـۆی و خێـزانەکەی لێـی بـژین، سـاڵێکی زۆر سارد دەبێت. لە یەکەم ڕۆژدا زریانێک هەڵدەکات، بەڵام چ زریانێک؟! "زریـان زریـان نەبـوو بەڵای خوابـوو" (عـارف،١٩٨٣،ل٥٥). ئەم زریـانەش ئەوەنـدە سـاردو کـاریگەربوو "بـارام بە درێژایـی تەمەنـی بیسـت و شـەش سـاڵەی، بەبیـری نەدەهـات لە هـیچ زسـتانێکی تـردا زریـانێکی وەهـای دی بێ"(عارف،١٩٨٣،ل٥٥). نەک تەنیا بەدرێژایی تەمەنی بارام،"بەڵکوو بەقسـەی پیرانـی ئـاوایی گـوایە سـی و پێـنج سـاڵ لەوەبەر، زریـانێکی تـری وەهـا لە نـاوچەکەدا ڕووی داوەو بـۆ پـانزە ڕۆژی ڕەبەق نەیهێشـتووە کەس سـەر لە کـون دەربهێنێ"(عـارف،١٩٨٣،ل٥٥). بێگومـان ئەم زریـان و بەفـرو سـەرمایە، ژینگەیەکی باش بۆ گورگ دەرەخسێنێ، چونکە گورگ لەکاتی زۆر سارددا دەردەکەون و زۆر مەترسیداریش دەبن. کەواتە نووسـەر لە ڕێگەی زریـان و سـەرماو سـۆڵەوە، ژینگەیەکـی باشـی بـۆ دەرکەوتـن و چـالاکی گورگەکـان ڕەخساندووە.

کاتێک بەفرێکی زۆر دەبارێت و سەربانەکەی ماڵی بارام پڕ بەفردەبێت، بـارام دەچێـتە سـەربان و بەفـرەکە لادەدات، ئەمە مـاوەیەکی زۆر دەخایەنێـت، بەهۆیەوە ئایش نیگەران دەبێت و هەوڵـی زانینی هەواڵـی بـارام دەدات. دواتـر

که بارام دێتەوە ژوور، ئایش نیگەرانی و مەترسی خۆی بۆ بارام باس دەکات، بارامیش پێی دەڵێت:
-دەترسایت؟
-زۆر ..
-لەچی؟ .. لەوەی نەوەکوو گورگ خواردبێمی؟!.
-ئا .. بەڵام گورگی سەرما. ناهەقم نەبوو، زۆرت پێ چوو. خۆ کە خۆم یەکەمجار سەرم کێشایە دەرەوەو ئەو گورگە هارە دوو سێ گازو چرنووکی لە دەمو چاوم گرت، هەر تەواو بۆ تۆ ترسم لێ نیشت.(عارف،١٩٨٣،ل٦٩).
بەمشێوەیە ترسناکی سەرمایەکەو کاریگەرییەکانی بەگورگ چوێنراوە. کەواتە لە یەکەمجاردا گورگ لە جیاتی سەرماو سۆڵە بەکارهاتووە. ئەمەش ئەو بارودۆخە نالەبارەی کوردستان پیشان دەدات کە هەندێجار سروشتەکەی بەتایبەتی زستانی زۆر ساردی، بووەتە مایەی نەهامەتی و ناخۆشی بۆسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان، کە لێرەدا بەفرو سەرماو سۆڵە وەکو گورگ پەلاماری مرۆڤیان داوە.

## ٢/ هێرشی گورگی دوو پێ یاخود مرۆڤ

یەکێک لەو هۆکارانەی کەوای کرد بارام ئاواییەکە بەجێبهێڵێت، هەستکردنی بوو بەوەی کە دەرەوبەرەکەی بوونەتە گورگ. واتا وای هەست دەکرد کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژیت مرۆڤەکانی دەوروبەری وەکو گورگیان لێهاتووە. بەبڕوای بارام تەنیا "مامم و ئامۆژنم لە گورگە دوو پێ یەکان نین"(عارف،١٩٨٣،ل٥٨). دەنا ئەوانی دیکە هەموویان گورگی دووپێن کە دەتوانین دەوروبەرەکەی بە برای خۆی بچوێنین کە ناپاکی لەگەڵدا دەکەن.
ئەو ماوەیەی کە بارام دوور لە ئاوایی ژیاوە، نزیکەی هەشت مانگ بووە. ئەو ماوەیەی وەک خۆی دەڵێ "هەشت مانگی دوور لە گورگو گورگایەتی" (عارف،١٩٨٣،ل٥٨) بووە.
بە بڕوای بارام گورگی چوارپێ و گورگی دووپێ، هیچ جیاوازییەکییان نییە، بەڵکو یەک شتن و مەترسی و دڕندەییان وەکو یەکە. لەدیمەنێکدا کە بارام ویستوویەتی بە دەمانچەکەی گورگێک بکوژێ، بەڵام ناتوانێت و گورگەکە هەڵدێت. بارام وا نیشان دەدات کە گورگە چوارپێیەکان با بچنە ناو کۆمەڵگای

گورگی دووپێ، چونکە هیچ جیاوازییەکیان نییە. لەم دیمەنەدا ئایش بە بارام دەڵێت:

-چیت کرد؟.

بە پێکەنینەوە لە وەرامیدا وتی:

-نەم پێکا ..

-ئەوەندە لێتەوە دوور بوو؟ ..

-نەوەڵلا .. بەڵام دیارە نیشان شکێن نیم.

-بەڵامـی پـێ نـاوێ .. پـیلەکەت راسـت نـی یە. ئەوەیـان هـیچ .. دەترسـم نەتویسـتبێ بـی پێکیـت! . دەنـا گـورگێکی زل و زەبەلاح و وەهـا لە نـزیکەوە چۆن لێ نادرێ؟

- ئێ .. ئێمە چیمان دەوێ؟. هەڵاتنیان و لێمان دووربکەونەوە .. هەر ئەوەنـدە نـی یە؟ وا وەهایـان کـرد. بـابچنە نـاو ئـاوایی و لەوێ لەگەڵ گـورگە دووپێ یەکانی هاوەڵیاندا دەس بدەنە یەخەی یەکتری. (عارف،١٩٨٣،ل٧٥).

بەپێـی ئەم دیـمەنە گـورگ هێرشـی بـۆ سـەر مـاڵی بـارام هێنـاوە، بـارامیش بەرگری لە خۆیـانکردووەو تەقەی لەگورگەکـان کـردووە، واتـا بـارام لە کـاتی بەرگـری دابـووەو گورگەکـانیش لە کـاتی هێرشـبردن. دواتـر کە گـورگەکە ناپێکێ و گورگە دەڕوات، بارام ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کە گرنگ ئەوەیە لە مەترسی گورگەکان ڕزگاریان بووە. گرنگ نییە گـورگەکە بکوژێ یـاخود نـا. بەهەمـان شـێوە ویسـتوویەتی لە کۆمەڵگـای گـورگی دووپـێ (مرۆڤەکـان) ڕزگـاری ببێـت و خۆیـانی لـێ دوورخسـتوونەتەوە. کەواتە هەڵوێستی بارام لە بەرامبەر گورگی دووپێو گورگی چوارپێدا ئەوە بووە کە خۆیـان لـێ ڕزگـار بکـاتو لێیـان دووربکەوێـتەوە. بەم شـێوەیە بـارام زیـاتر هەوڵی بەرگری و خۆدوورخستنەوەی لە هەردوو جۆرە گورگەکە داوە.

لەدیمەنێکی تردا، جارێکیتر بارام ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گورگی چـوارپێو گورگی دووپێ لە دڕندەییدا هیچ جیاوازییەکیان نییە. لەو کاتەی گەلەگورگەکە بەردەوام هێرش دەکەنە سەر ماڵی بارام و بەهـیچ کلۆجێک وازنـاهێنن، ئـایش گومـانی ئەوەی لەلا دروسـت دەبێت کە ڕەنگە ئەمـانە گـورگی ئاسـایی نەبـن، بەڵکو:

-دەبێ دێوو درنج بن و خۆیان خستبێتە پێستی گورگەوە!.

-بە راستتە یا بە گاڵتە؟!

-وەڵا بە راستمە.
ئەوسا بە قسەکەی پێکەنی. لەگەڵ ئەوەشدا نەیهێشت بچێتە قالبی گاڵتەپێکردنەوە.
وتی:
-خۆ تۆ باوەڕت بەم بابەتە قسانە نەمابوو. کەچی دەڵێ ی گەڕایتەوە سەر باوەڕ پێ کردنیان!
ئایش خۆیشی پێکەنی. وتی:
-ئەی دە نازانم بڵێم چی!.. ئەمانە چۆن گورگێکن؟!
-هیچ بە هەڵە مەچۆ.. گورگی زۆر ئاسایین و بەڵام هێجگار برسین و بۆ تێرکردنی ورگیان پەلامار دەدەن و سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە. گوایە گورگی دوو پێ یش هەر وەها ناکا؟! (عارف،١٩٨٣،ل٩١).
ئەم دیمەنە دەربڕی ئەوەیە کە گورگی چوارپێ و گورگی دووپێ لە کاتی برسییەتی و دڕندەیدا وەکو یەکن و جیاوازییان نییە.
لە دوا دیمەنی چیرۆکەکەدا دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ گورگی چوارپێ، کاتێک بەیانی دادێت و گورگەکان دەڕۆن، بەمشێوەیەش بارام و خێزانەکەی ڕزگاریان دەبێت. لێرەدا ئایش دەخوازێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیارێک ئەوە لە بارام بگەیەنێت کە واچاکە بگەڕێنەوە ئاوایی جارانیان و خۆیان لەم ژیانە پڕ مەترسییە ڕزگار بکەن. بۆیە ئایش بە بارام دەڵێ:
-ئێستا وا لەو مۆتەکە سامناکە رزگارمان بوو. بەڵام ماوەتە سەر پرسیارێک و وەرامەکەی
بارام سەری لێ نزیک خستەوەو ماچی کرد. وتی:
-پێویست بە کردنی پرسیارەکە ناکا. جلوبەرگی پێویستی منداڵەکان و خۆم و خۆت بپێچەرەوەو ئامادەبن. دەچینەوە ناو کۆمەڵگای گورگی دووپێ!. (عارف،١٩٨٣،ل١٠٩).
بەم شێوەیە لە گورگی چوارپێ ڕزگاریان دەبێت و دەچنەوە ناو کۆمەڵگای گورگی دووپێ. بەپێی بیروبۆچوونی بارام، ژیانی مرۆڤ بە گورگی جۆراوجۆر دەورەدراوە، کە ئەمەش زۆر لە قەدەرو چارەنووسی کورد نزیکە. یەکسان بوونی گورگی دووپێ لەگەڵ گورگی چوارپێدا، بۆچوونی بیرمەندان وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد پشتڕاست دەکاتەوە کە مرۆڤ

گورگە. یاخود مرۆڤ دوو ڕووی هەیە، یەکێکی مرۆڤینییە، ئەوەی دیکەی گورگایەتییە. کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دووەم هەوڵی نووسەر بۆ بەهێماکردنی گورگ ئەوەیە کە مرۆڤی لە جیاتی گورگ داناوە، واتا گورگ هێمای مرۆڤە.

**٣/ هێرشی گورگی چوارپێ یاخود گەلەگورگ**

چیرۆکی گەلەگورگ لە ناونیشانیدا مانای کۆمەڵێک گورگ دەگەیەنێت. چونکە وشەی (گەلە) یاخود (گەل) لە زمانی کوردیدا بە واتای کۆمەڵ یاخود کۆ دێت(رسول،٢٠١٢،ل٩٠). کەواتە (گەلە) کۆمەڵ دەگەیەنێت نەک تاک.

لە سەرتاپای چیرۆکەکەدا، گورگەکان هەمیشە بە کۆمەڵ هێرش دەکەنە سەرماڵی بارام. قەت بەتەنیا نەهاتوونە، بەڵکو هەمیشە بە کۆمەڵ و گەلە بوونە. کەواتە نووسەر مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی لەگەڵ ناونیشان و سروشتی هێرشی بەردەوامی گورگەکان کردووە.

هێرش و دەرکەوتنی گورگەکان و کاریگەرییەکانی بە چەند شێوەیەک دەبێت، وەک:

ا/ ئامادەیی تارمایی گورگ

لەبەر ئەوەی گورگ ئاژەڵێکی دڕندە و سامناکە، بۆیە وەکو پێشتر ڕوونمانکردەوە کە بۆتە هێمای دڕندەیی. هەر کە ناوی گورگ دێت، ئەوە یەکسەر دڕندەیی و سامناکی دێنێتە یاد.

لە چیرۆکی گەلەگورگدا، پێش ئەوەی گورگی ڕاستەقینە بەدیاربکەوێت، مەترسی گورگ خۆی دەهێنێتە پێشەوە. لەوکاتەی بارام خەریکی سەربان پاککردنەوە لەبەفری کەلەکەبوو دەبێت، بەهۆیەوە ماوەیەکی پێدەچێت، بەوهۆیەشەوە ئایشی خێزانی نیگەران دەبێت و مەترسی دەردەبڕێت. بۆیە بارام وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت:

-دەترسایت؟.

-زۆر..

-لەچی؟.. لەوەی نەوەکوو گورگ خواردبێتمی؟!. (عارف،١٩٨٣،ل٦٩).

بەم کورتە وتوویژە، ئەوە بەدیاردەکەوێت کە گورگ هۆکاری خواردنی مرۆڤە بۆیە مەترسی دەردەبڕدرێت. تا ئێستا لە چیرۆکەکە گورگ بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەرنەکەتووە، بەڵکو ئەوەی ئایش باسی دەکات تەنیا گومانە، چونکە گورگ لە نەستیاندا وێنەیەکی پڕ مەترسی دروستکردووە.

لە دیمەنێکی تردا بە تەواوی کاریگەری گورگ لە نەستیاندا دەردەکەوێت، ئەویش ئەو کاتەی کە گورگی ڕاستەقینە دەردەکەوێت و پەیوەستیشە بەو ساڵە ساردەوە، بۆیە ئایش لێرەدا ئەو هەقایەتانەی بەبیردێتەوە کە دایکی دەربارەی گورگ و مەترسییەکانی بۆی گێڕاوەتەوە:

- زۆر حیکایەتو سەرگوزشتەم دەربارەی گورگو گەلەگورگ لە دایکم بیستوە، بەتایبەتی لە سالانی وەک ئەمساڵی ئێمەدا (عارف،١٩٨٣،ل٧٥)٠

بەم شێوەیە ئەو وێنە کۆنەی کە ئایش لەسەردەمی منداڵیدا لە دایکی بیستووە، جارێکی دیکە خۆی دەهێنێتە پێشەوەو لە زەمەنی ئێستای چیرۆکەکەدا کاریگەر دەبێت. بەپێی ئەم دوو دیمەنەی چیرۆکەکە، گورگی ناڕاستەقینە لە شێوەی گومان و تارمایدا ئامادەیی هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە گورگ ئاژڵێکی چەندە دڕندە و جێگەی مەترسییە.

ب/ دەرکەوتنی گورگی ڕاستەقینە

بازە کە سەگی ماڵی بارامە، سەرەتا ئەو هەست بەدەرکەوتنی گورگەکان دەکات. لەو کاتەدا وەڕینی بازە وەکو پێشتر نابێت و نائاسایی دەبێت، بارام و ئایش تێبینی ئەمە دەکەن:

-بارام .. بارام .. نوستوویت؟،

-ها! .. من!. نەء ...

-گوێت لێ یە؟! .. بازە

بارام تەواو بە ئاگا هاتەوە. دەستی لە ئایش بەرداو قیت بووەوە. بازە بەو پەڕی حیرسو تووڕەیی یەوە دەوەڕی. (عارف،١٩٨٣،ل٧٣). بارام کە گوێی لەو وەڕینە نائاساییەی بازەبوو، خۆی نەگرت و لە ژوور هاتە دەر، هاتە لای بازە، "بەرەو ڕووی وەڕینەکەی بازە هەڵیڕوانی، لە دوور چەند تارمایی یەکی لەناو بەفرەکەدا بەدی کرد کە بە پێچو پەنا دەبزوان و بەیەکدا دەهاتن. لە دڵی خۆیدا وتی:

-دەشێ گورگ بن" (عارف،١٩٨٣،ل٧٤).

دواتر بارام دواتر بەئایش دەڵێ:

-چەند تارمایی یەک لە دوور بەدی دەکەم. لەوە دەچێ گەلەگورگێک بن. (عارف،١٩٨٣،ل٧٤).

دواتر گومانەکەی بەتەواوی دەبێتە ڕاستی "گەلەگورگ زۆری پێ نەچوو گەیشتنە بەرەوە" (عارف،١٩٨٣،ل٧٥). ئەمە یەکەم دەرکەوتنی ڕاستەقینەی

گەلەگورگەکەبـــوو. لێـــرە بەدواوە گەلەگـــورگەکە بەشـــێوەیەکی ئاشـــکرا دەردەکەون و هێرش دەکەنە سەر ماڵی بارام.
ج/ لەناوبردنی بازە
بازە سەگی ماڵی بارامە، ماوەیەکی زۆربوو لەلایان بوو. بازە "تەنیا سـەگێکی بە وەفای پاسەوانی بەر دەرگاو حەوشە نەبوو، بەڵکوو ئەندامێکی خێزانەکە بوو" (عارف،١٩٨٣،ل٨٤). بێگومان مەبەستمان خێزانی بارامە.
گورگەکـان لـە هێرشـکردنیان بـەردەوام دەبـن، بـارام ئـارامی لێـدەبڕێت، "لە ناکاوێکـدا بڕیـاری خـۆی داو ئـان و سـات بـردی یە سـەر. پەلەپیـتکەی لە دەمـــانچە هێنـــایەوە یەک و رووەو لمۆزەکـــان تەقانـــدی، بەڵام ئەوەی دەم و دەست لە بازەی روودا، وای لەم کرد کەلە جێگەی خۆی تەواو بحەپەسێ و واقی وڕبمێنێ!
بازە دەست و برد لەگەڵ تەقەکەدا، وەک دوای چاوەڕوانکردنێکی زۆری ئازار بەخـش بـیەوێ بەپەلە بچـێ داخـی دڵـی خـۆی دەربکـا، کـوێرانە بەرەو لای تەیمان هەڵمەتی برد. هەر هێندەی گەیشتە ناو حەوشە، گەلەگورگ لەسەربان و لە تەنیشـــتی لای چەپەوە، وەک گەردەلوولێـــک خۆیانیـــان پێـــداداو زەق بەبەرچـــاوی ئەمەوە، تەیمانیـــان شـــەق و پەق کـــردو بەرەو خـــوار رایـــان ماڵی!"(عارف،١٩٨٣،ل٨٤-٨٥). بەم شێوەیە گەلەگورگەکە بازەی لەگەڵ خۆیـان ڕادەپێچن و بەرەو شـوێنێکی نادیاری دەبەن. بارامیش بە بینینی ئەم دیمەنە "بـۆ مـاوەی چەنـد سـاتێک، وەهـا واقـی وڕمـابوو کەلە جێـی ی خـۆی وشـک هەڵات" (عـــارف،١٩٨٣،ل٨٦). بـــارام دیـــمەنەکەی زیـــاتر لە خەیـــاڵی خـــۆی وردکردەوە و "لەو ساتەدا بەچاوی ناخ بـازەی دەبینی کە هەزارو یەک کەڵبە لە جەستەی چەقیوەو هەزارو یەک دەلاقەیان تێکردوە. لە گەڵیدا وای هەست دەکرد کە هەزارو یەک دەلاقە کـراونەتە جەسـتەی خـۆی. تەوژمـی ئـازارێکی دەروونی ی سەخت زۆری بۆ هێنا. بەبێ ئاگا بەدەم هاواری کرد:
- با .. زە .. " (عارف،١٩٨٣،ل٨٦).
بەم شـــێوەیە بـــازەی ســـەگ دەبێـــتە یەکەم قوربـــانی هێرشـــی دڕنـــدانەی گەلەگـورگەکە بـۆ سـەر مـاڵی بـارام. هەر چەنـدە سـەگ و گـورگ لە یەک خێزانن (حسین،٢٠٠٨،ل٨٧)، بەڵام دڕندەیی گورگەکـان، دەست لەو ئەندامەی خێزانی خۆشیان ناپارێزن و لەناوی دەبەن.
د/ هێرشی گورگەکان وەک هێرشی لەشکرێکی ڕێکخراو

گورگەکان لە چیرۆکی گەلەگورگدا بەدرێژایی چیرۆکەکە بە کۆمەڵ هێرش دەکەن. واتا بەتەنیا هێرش ناکەن. ئەمەش سروشتی سوپاو لەشکرە کە لە شەڕدا ئەوانیش بە کۆمەڵ هێرش دەکەن.

وشەی (سوپا) و (لەشکر) لە ڕواڵەتدا تاکن، بەڵام لە ناوەرۆکدا کۆن و کۆمەڵ دەگەیەنن (محەمەد،٢٠٠٨،ل١١). لە زمانی کوردیدا ئامرازی کۆکردنەوە بەزۆری (ان)ە و دەچێتە سەر ناوو کۆی دەکاتەوە، وەک وشەی (کوڕ) دەبێتە (کوڕان) یان (کچ) دەبێتە (کچان)، .... هتد. بەڵام هەردوو وشەی سوپاو لەشکر کۆناکرێنەوە، چونکە لە ناوەخنی خۆیاندا کۆن. مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە چۆن سوپاو لەشکر بەکۆمەڵ هێرش دەکەن، ئاواش گورگەکان کە دەبنە (گەلەگورگ) وەکو سوپا یاخود لەشکرێکن، ئەمەش بۆ دوو شێوە دەگەڕێتەوە:

١/ هێرشی بەکۆمەڵی گورگەکان

ئەوە دووپات دەکەینەوە کە گورگەکان لە سەرتاپای چیرۆکەکە بە کۆمەڵ هێرش دەکەن و بەتاک نین. چونکە سروشتی گورگ ئەوهایە کە بەکۆمەڵ هێرش دەکەن(Steel،2000،p746)). لە چیرۆکەکەدا ئەمە چەند جارێک ڕوودەدات. لە یەکەم دەرکەوتنیان بارام هەست دەکات کە ئەمانە کۆمەڵەکن:

- یا حەوتن یا هەشت .. لەوە زیاتر نین. (عارف،١٩٨٣،ل٧٤).

کە دیارە ژمارەکانی حەوت و هەشت لە زمانی کوردیدا کۆن و تاک نین، واتا کۆمەڵن.

بەرەبەرە گورگەکان بەکۆمەڵ هێرش دەکەن و ژمارەیان زیاد دەبێت، بەڕادەیەک "گەلەگورگ ژمارەیان هێندە زۆر بووبوو کە بۆی نەدەهاتنە ژماردن"(عارف،١٩٨٣،ل٩٢). ئەمەش دیارە لە شێوەی سوپایەک بوونە.

٢/ شارەزایی گورگەکان لە ڕێکوپێکی هێرشبردنەوە

بێگومان کاتێک لەشکرێک دەچێتە شەڕو نیازی هێرشبردنی هەبێت، بەبێ پلان و تاکتیک هێرش ناکات، بەڵکو نەخشەیەکی ورد بۆ پلانەکەیان دادەنێن. گورگ سروشتێکی زیرەکی لە هێرشبردندا هەیە، بەبێ پلان هێرش ناکات. بەڵکو بە کۆمەڵ و بە ئاڕاستەی جیاوازەوە هێرش دەکەن.

لە دیمەنێکدا کە بارام خۆی لە گورگەکان مەلاس داوەو بەنیازە بزانێ لە کوێ دەردەکەون و هێرش دەکەن تاوەکو ئەویش بە دەمانچەکەی بیانکوژێ. زۆر دیقەتیان لێ دەدات. دواتر دەزانێ گورگەکان چەند بەزیرەکی لەهەموو

لایەکەوە پەرت و بڵاوبوونەتەوە. بەشێوەیەک "دەڵی ی لەشکرێکی ڕێک و پێکن و هێرش بۆ سەنگەرێکی دوژمنەکەیان دەبەن!"(عارف،١٩٨٣،ل٨٥). بۆیە لەبەرامبەر ئەم پلان و تاکتیکەی گورگەکان، بارام سەری سوڕ دەمێنێ و دەڵێ "چی بکەم باشە؟!" (عارف،١٩٨٣،ل٨٥). ئەمە یەکێک لە پلانی گورگەکان بوو.

لە دیمەنێکی تردا کە بارام و ئایش دەرگاو پەنجەرەی خانووەکەیان بەڕووی گورگەکان بەشێوەیەکی باش داخستووەو گرتووە، وا دەزانن کە گورگەکان لەوێوە هێرش دەبەن، بەڵام شارەزایی و تەکتیکی جیاوازی گورگەکان وا دەکات لە شوێنی ترەوە هێرش ببەن، ئەویش سەربانە، بەتایبەتیش لە شوێنی دووکەڵکێشی سۆپای داری ژوورەکە، بۆیە ئایش دەڵێ:

- بارام .. بڕوانە! ..

کە ڕوانی یەوە بنمیچەکە، پەنجەو نینۆکی دەستی گورگێکی کەوتە بەرچاو کە دەتوت ڕەت کراوەتە ناو هێلانەیەکەوەو دەیەوێ لە بێچووە باڵندەیەک گیرببێ" (عارف،١٩٨٣،ل١٠٥). ئەمەش یەکێکە لە پلانی گورگەکان و شوێنی هێرشبردنیان گۆڕیوە.

بەشێوەیەکی گشتی گورگەکان شارەزاییەکی باشیان لە چۆنیەتی هێرشبرندا هەیە، ئەمەش شارەزایی سوپا یاخود لەشکرێکمان بەبیردەهێنێتەوە لەکاتی هێرشبردندا. بۆیە دەکرێ ئەوە بڵێین کە هەوڵی سێیەمی نووسەر ئەوەیە کە گەلەگورگی لە جیاتی سوپا یان لەشکر بەکارهێناوە. ئەمەش بەو ئامانجەی کە چۆن سوپا یان لەشکرێک دەخوازنن شوێنێک داگیربکەن، بەهەمان شێوە گورگەکانی چیرۆکی گەلەگورگ، ویستوویانە ماڵی بارام داگیربکەن کە دەتوانین وەکو دوژمنانی کوردستان سەیری گەلەگورگەکە بکەین و ماڵی بارامیش بە نیشتیمان یان خاکی کوردستان بچوێنین کە لەلایەن گەلەگورگەکەوە هێرشی دەکرێتەسەر.

**ئەنجــام**

لەمیانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرینگترینیان ئەمانەن:

١/ گورگ ئاژەڵێکی گرینگی سروشتە، خاوەن تایبەتمەندی سروشتی خۆیەتی. زیرەک و دڕندەو لێهاتووە. بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی بەتایبەتی لایەنی دڕندەیی، پەڕیوەتەوە ناو شارستانییەت و ئایین و فۆلکلۆرو ئەدەبی گەلان، لەنێویشیاندا فۆلکلۆرو ئەدەبی کوردی.

٢/ لە چیرۆكـــی گەلەگورگـــدا، گورگەكـــان وەكـــو كـــارەكتەرێكی كاریگـــەرو سەرەكی، ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن.
٣/ لە چیرۆكی گەلەگورگدا، ناخۆشـی و سـەختی زسـتان و سـەرماو سـۆڵەو بەفرو زریان و كاریگەرییان، بە درەندەیی گورگ چوێنراوە.
٤/ لـە چیرۆكـی گەلەگورگدا، لـە هەنـدێ شـوێندا گورگـەكان لـە جیاتی مـرۆڤ بەكارهێنراون. گورگی ڕاستەقینە بە گورگی چوارپێ نـاوی هێنـراوە، مـرۆڤیش بە گورگی دووپێ.
٥/ لـە چیرۆكـی گەلەگورگدا، گورگـەكان وەكـو هێمایـەك بـۆ سـوپاو لەشـكری داگیركـەر بـۆ سـەر خـاكی كوردسـتان بـەكارهێنراون، چونكـە گەلـەگورگ بـە كۆمـەڵ هێرش دەكـەن، سـوپاو لەشكریش هـەمان تایبەتمەندییان هەیـە. مـاڵی بارامیش وەكو خـاكی كوردسـتان وێناكراوە كـە گەلـەگورگ (سـوپاو لەشـكر) هەوڵی داگیركردن و لەناوبردنی ئەندامەكانی دەدەن.

**سەرچاوەكان:**

**كتێب بە زمانی كوردی:**

١/ ئەسیری(٢٠٠٦)، دیوانی ئەسـیری، ئامـادەكردن و پێشـەكی: د. كوردسـتان موكریانی، پێداچوونەوەو بەراورد: ئەحمەد تاقانە، لـە بڵاوكراوەكانی دەزگـای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.
٢/ بەیدەبا(٢٠٠٧)، كەلیلەو دیمنە، چـاپی چـوارەم، وەرگێڕانـی: عومـەر توفیـق، كتێبی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپەمەنی گەنج – سلێمانی.
٣/ پـەنا، بێهنـام محەمـەد(٢٠١٢)، نهێنییـەكانی شارسـتانیەتی رۆمـای كـۆن،، وەرگێڕانی: رەحمان ئەمیری، چاپخانەی چوارچرا – سلێمانی.
٤/ پیربـاڵ، د. فـەرهاد(٢٠٠٦)، ڕێبـازە ئەدەبییـەكان، چـاپی دووەم، چاپخانـەی منارە - هەولێر.
٥/ جاف، حەسەن(١٩٨٥)، چیرۆكی نوێی كوردی، مطبعة علاء – بغداد.
٦/ جوتیار، خالید(٢٠٠٥)، دەشـتی هـەولێر – پەنـدو زاری شـیرین، چاپخانـەی ڕۆشنبیری – هەولێر.
٧/ حسـەینی، رەزا سـەید(٢٠٠٦)، قوتابخانـە ئەدەبییـەكان، وەرگێڕانـی: حەمـە كـەریم عـارف، كتێبـی دەزگـای توێژینـەوەو بڵاوكردنـەوەی موكریـانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.

٨/ حەسەن، مولود ئیبراهیم(ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە)، بەردە ژن!!، هەولێر – کوردستان، ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.
٩/ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا(٢٠١٠)، ڕەمزو مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا، چاپخانەی ماردین – هەولێر.
١٠/ دەشتەکی، عمر شێخ اللە(١٩٨٥)، پەندی کوردی – بەرگی سێ یەم، مطبعة دار الرسالة – بغداد.
١١/ رسول، بابارسول نوری(٢٠١٢)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
١٢/ ڕۆسۆ، ژان ژاک(١٩٨٢)، پەیمانی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: شاکر فتاح، چاپخانەی الحوادث – بەغدا.
١٣/ عارف، حسین(١٩٨٣)، گەلە گورگ، مطبعة الادیب البغدادیة.
١٤/ عەدۆ، ئەسعەد(١٩٨٧)، ئەفسانە - لاوک - گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردی دا، مطبعة الثقافة والشباب.
١٥/ غەریب، جەبار جەمال(٢٠١٣)، نەتەوەی زێرابەکان، کتێبی ئەندێشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.
١٦/ فرۆم، ئەریک(٢٠١٢)، جەوهەری مرۆڤ، وەرگێڕانی: ئەردەلان عەبدوڵلا، زنجیرەی کتێبی دەزگای موکریانی، چاپخانەی موکریانی – هەولێر.
١٧/ محەمەد، د. پەخشان سابیر(٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجیی خوارووی کوردستان (١٩٧٠-١٩٩١)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
١٨/ هێرمان، کۆنراد(٢٠٠٧)، دەنکە برنج لە ئاسمانەوە نابارێت - هەڵبژاردە لە پەندی چینی -، وەرگێڕانی: قوباد ڕەسول گوروون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

**فەرهەنگ بە زمانی کوردی:**

١٩/ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی – سلێمانی.
٢٠/ غەریب، کەمال جەلال(٢٠١٢)، فەرهەنگی وێنەداری گیانداران – بەتایبەتی لە کوردستان-، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

**گۆڤار بە زمانی کوردی:**

٢١/ ساڵەیی، محەمەد(تەمووزی١٩٩٦)، داڤینشی و چیرۆکی منداڵان، محەمەد ساڵەیی، گۆڤاری (تیڕامان) ژمارە (١).

**نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی:**

٢٢/ أحمد، طالب محمد(٢٠٠٠)، هێما لە چیرۆکی هونەریی کوردیی کوردستانی باشوور (١٩٦١-١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

٢٣/ محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵڵا(٢٠٠٨)، مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

٢٤/ محسن، عقيل(١٣٨٣ش، ١٤٢٥هـ)، عالم عجائب الحيوان، الجزء الاول، انتشارات ناصر خسرو – تهران.

**فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

٢٥/ الراوي، محمد(٢٠٠٠)، موسوعة الحيوانات العالم، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

٢٦/ حسين، سحر امين(٢٠٠٨)، موسوعة حيوانات العالم، دار دجلة – عمان.

٢٧/ خليل، خليل أحمد(١٩٩٦)، معجم المصطلحات الاسطورى، دار الفكر اللبنانى – بيروت.

٢٨/ سماحة، سهيل حسيب(٢٠٠٥)، قاموس سمير الموسوعي،، دار نشر سمير – بيروت.

**گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

٢٩/ الاحمد، د. سامي سعيد(ربيع١٩٨٩)، رموز من عالم الحيوان، مجلة (التراث الشعبي) العدد الفصل الثاني.

**فەرهەنگ بە زمانی ئینگلیزی:**

30/Good،Melissa(2008)، Cambridge advanced learners dictionary، Cambridge university press.

31/Steel،Miranda(2000)، oxford wordpower dictionary، oxford university press.

## الخلاصة

عنوان هذا البحث عبارة عن (ترميز الذئب في قصة الذئاب)، محاولة لبيان وتوضيح رمز ودور الحيوان بجانب الانسان في النصوص الادبية، خاصة في قصة (الذئاب) لكاتب القصة الكوردي (حسين عارف). هذا البحث يلقي الضوء على كيفية ترميز (الذئب) في القصة وأنواعه بترميز الذئب وتوضيحه.

البحث مكون من مقدمة ومحورين اثنين ونتيجة وتسجيل المصادر. يتكون المحور الأول من حدود مصطلح الرمز والحيوان، وبعد ذلك ذكر وبشكل دقيق عن الذئب وخصوصية، وثم التحدث عن انعكاسات الذئب بين الدين والحضارة والفلكلور والأدب للشعوب والشعب الكوردي. وقد مثل لذلك بلأمثلة الضرورية، وفي المحور الثاني تحدث عن ترميز الذئب في تلك القصة المذكورة، هنا تحدث عن الهجمات المختلفة في داخل القصة، وقد أعطي في نص القصة لكل واحد نموذجا ومثالا ضروريا مع ما يرتبط به من هدف وغرض.

## Abstract

This paper is entitled (Encoding Wolf in the Story of Pack of Wolves). It is an effort to explain the code and the role of animal besides human in literary text particularly in the story of (Pack of Wolves) by Kurdish story writer (Hussein Arif). This study highlights the way of encoding wolf in the story and illustrates the types of encoding wolf.

The research is composed of an introduction، two sections، conclusions and the list of references. Section one talks about the limits of code and animal terms. Later، there is a reference to the wolf and its features. Then، it revolves around the reflection of wolf in religion، civilization، folklore، and nations and Kurds literatures providing necessary examples. Section two points out encoding wolf in the story. The various attacks in the story are mentioned providing sufficient examples from the text of the story for each attack attached with the meaning aspect.